الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

فيدراسيۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES - IFIR

# فرۆکەخانەکان لەبەردەم گەڕانەوەی پەنابەران دابخەن

## لە وەلاّم بە دکتور نوری سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران

ڕۆژی 30–1–2007 لە ڕاگەیاندنێکی بەڕیز دکتور نوری سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بە دوای کۆنگرەی ڕۆژنامەگەری دەشتی جەمال بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەکوردستان و خستنە رووی ڕاستی یەکان، لە لیدوانیکی تایبەتی بۆ ئاژانسی پەیامنیر و ڕادیوی زاگرۆس لیدوانەکەی سکرتیری فیدراسیۆن ڕەت کردەوە و گوتیشی هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکی لەو جۆرە نەکراوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەك ئەو جۆرە کۆبوونەوە نهینی یانەی نی یە...

ئەم ڕاگەیاندنەی بەریزیان بەرهەمی فشارێکی گەورەی فیدراسیۆنە کە لە کوردستانەوە یەخەیان دەگرێت ڕێگایەك بۆ ئەم کیشەیە بدۆزنەوە کە هەر خۆیان لایەنێکی بەشدارن لە خولقاندنی ، دوو جارە بەپێش چاوی ڕای گشتی و جیهانی فرۆکەخانەی هەولێر تەرخان کراوە بۆ ناردنەوەی بەزۆری 49 پەنابەرانی کورد کە وەك ئەوەی سەربازی جەنگی بن بە فرۆکەی سەربازی و جلو بەرگی سەربازی و کەلەپچە پەنابەرانی کورد دەخرێنە بەردەم حکومەتی هەریمی کوردستان و نارەزایەتی یەك لە دەمی ئەم حکومەتە نایەتە دەرێ .

ئیستا ئەگەر بەراستی لەپالّ پەنابەران و خواستەکانیان راوەستاون بەرەسمی ڕای بگەیەنن فرۆکەخانەکان نەخەنە خزمەت ئەو دەولەتانەی بە نیازن پەنابەران ڕەوانەی کوردستان بکەنەوە، هیچ پەنابەرێکی بەزۆر نیراوە وەرنەگرنەوە .

ڕۆژەکانی ئایندە دەتوانی ئەو ڕاستی یانە و سور بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هەڵویستی خۆی بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بکات .

خواستەکانی پەنابەرانی کورد لەدەرەوە ئەمەیە، داواکاری پەیگیری هەموو لایەکیین بەم خواستانە :

1. ئەو پەنابەرە کوردانەی بەزۆر ڕەوانەی کوردستان دەکرێنەوە قبول نەکەن.
2. هەموو ئەو اتفاقیانە هەڵوشینەوە کە لەسەر ناردنەوەی پەنابەران ئیمزاکراوە و ڕەسمەن ڕای بگەیەنن.
3. فرۆکەخانەی هەولێر نەخرێتە خزمەتی ئەو وولاّتانە کە بەنیازن پەنابەرانی کورد بەزۆر بنێرنەوە.

**سکرتاریەتی فیدارسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007–2-6


| بۆپەیوەندی بەسکرتاریەتی فیدراسیۆن | | | |
| --- | --- | --- | --- |
| Jasm Ghafur | Burhan Fatah | Dashty Jamal | Aram Hama Saeed |
| Mob: 07877489620<br>jasm_rg@yahoo.co.uk | Mob: 07929010257<br>Office: 01612342784<br>burhanfatah@aol.com | Mob: 07856032991<br>d.jamal@ntlworld.com | Mob: 07729182083<br>aram75dokani@yahoo.co.uk |
| Address: PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON, UK | | IFIR Website: www.csdiraq.com | |